www.kurdistannet.org
4-2-2006 14:43 بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## چەند پرسیاریک لەسەرانی یەکگرتنەوە ... خاڵەحەمە

1) ئایا تاکی ناو کۆمەڵگا ئازاد دەبیت لەدڵەڕاوکێ و ترس ولەرزو دەم داخستن؟
2) ئایا شەقامی کوردی دەتوانی وەکوو برا بژی دوور لە بیری تەسکی حیزبایەتی؟
3) ئایا ماڵی کورد لە نیشتمانفرۆش و خۆفرۆش و کۆنە بەعسی پاک دەکرێتەوە؟
4) ئایا 50% بە 50% (دۆست بەیەک و دوژمن بەیەک) دەمێنێت؟
5) ئایا لەناوچەکانی ژێر دەستی (پ، د، ک) دا، (ی، ن، ک) ئەتوانی بانگەشەی کوڕانی کورد بکات بۆ خەبات کردن لەژێر ئاڵا سەوزەکەی خۆییداو بەپێچەوانەوە؟
6) ئایا کەس و کاری لەدەستچوانی براکوژی بەچی قەرەبوودەکەنەوە لە کاتێکدا کێشەکەی نێوان مناڵانی کورد چارەسەرنەکراوە؟
7) ئایا داهاتی 15 پانزەساڵ گومرگ و ئەو هەزاران ملوێنەی وەرگیراوە دەکەوێتەژێر لێپرسینەوە بۆئاوەدانکردنەوەی دێهاتەکانی کوردستان و باشکردنی باری ئابوری هەژاران؟
8) ئایا سەرکردایەتی بە هیمەت و بەسەرەوەری دەبێت یاخود وەچە لە دوای وەچە!!؟
9) ئایا دەزگای پاراستن و ئاسایش لەیەکتری خۆشدەبن و لەیەکتریدا ئەتوێنەوە؟
10) ئایا گەندەڵی سیاسی چارەسەر دەکەن و سیاسیەدزەکان سزابدەن؟
11) ئایاگەندەڵی بەڕێوەبردنی کاروباری ناوخۆ لەمرۆڤی هەلپەرست و بێکەڵک پاک دەکرێتەوە کەبۆگەنی کردوە لەسەرکورسی دەسەڵات و ژەنگی هەڵهێناوە؟
12) ئایا یاسا سالار دەبێت یاخود دەسەڵاتی (پ، د، ک) و (ی، ن، ک) ؟
13) ئایا شۆڕشگێران دەگەرێنەوە سەر کارو کاسبی خۆیان و پاداشت بدرێنەوە؟
14) ئایا دەسەڵاتی کوردی ئەگەرێتەوە ناو سەنگەری کوردایەتی و واز لەبەرژەوەندی زاڵی خۆی بهێنێ؟
15) ئایا کۆتایی دێت بە شۆڕش و قۆناغی تازەی ژیان دەست پێبکات؟
16) ئایا پەرلەمان تۆپەوانەکەی ناو گەروی دەردەهێنێ و لەقۆناغی سڕ بوون بێتەدەرێ؟
17) ئایا دەسەڵات توندوتیژتر دەبێت لەڕوی ئۆپۆزسیۆنا، یاخود گوێ ڕاگری دەبێت؟
18) ئایا ناوچەکانی ژێر هەردودەسەڵات یەک دەگرنەوە وەک دەسەڵات دەفەرموێ!!؟
19) ئایا پەیرەووپرۆگرامی دوڵەت سەروەر دەبێت لەبڕیاردا یاخود دەوڵەت ناوی زل و دێی وێران ئەبێت؟
20) ئایا سەرۆکایەتی هەموو (پارتە سیاسیەکانی کوردستان) داوای لێبوردن لە کورد دەکەن؟
21) ئایا هێزی پۆلیس لەخزمەت گەلدا دەبێت یاخود لە خزمەت دەسەڵاتی زاڵ؟
22) ئایا هێزی گەل دەتوانی دەسەڵات بخاتەژێر پرسیارەوە؟
23) ئایا لە یەکگرتنەوەی هەردو (ئیدارە) کەوە وەرچەرخانیکی سیاسی روودەدات؟
24) ئایا یەکگرتنەوە دەتوانێ سنوری باشوری کوردستان دیاری بکات وەک کورد ئەیەوێ؟
25) ئایا یەکگرتنەوە ئەبێتە هێزێکی عێراقی یاخود لە خزمەتگوزاری کوردا ئەبێت؟
26) ئایا سەرۆکی هەرێم دەسەڵاتی بەسەر گەورە گەورەی حیزبەکاندا ئەبێت یاخود راوێژکاری یەکتری ئەبن؟
27) ئایا یەکگرتنەوە دەتوانێ چەکی براکوژی کۆکاتەوە؟

28) ئایا یەکگرتنەوە دەرگای زیندانەکانیانی ئاکرێ و قەڵاچوالان ئەخاتە سەرگازیپشت؟
29) ئایا لەجەڵلادەکانی کورد خۆشدەبن کە (15) ساڵە لەپاڵ دەسەڵاتی کوردا خوێنی منالانی کورد ئەمژن؟
30) ئایا یەکگرتنەوە لەسەردەستی کوردایە یاخود دەستێکی دەرەکی سەرپەرشتی دەکات؟
31) ئایا یەکگرتنەوە جەژنانەیە یان بەرهەمی خەباتی نەتەوەیەکە نایەوێت خۆکوژی وکوردکوژی براکوژی بکات؟
32) ئایا سوێندخواردن لەسەر بەندەکانی رێکەوتن لەبەرچاوی میللەت ئەبێت یاخود هەر نوسینەوەی سەر کاغەز؟
33) ئایا یەکگرتنەوە رێگەئەدات بەنەوەی نوێ کەبەشداری دەسەڵات بکات دوور لە بیرو بۆچونی حیزبایەتی؟
34) ئایا یەکگرتنەوە سنوری پیرۆزی خوێندنگاو زانکۆکان ئازاد دەکات یاخود ئەیبەزێنێت؟
35) ئایا ئەم گەلەستەمدیدەیە ئاگاداری مەرجەکانی یەکگرتنەوەیە یاخود وەک هەموو دانوسانەکانی پێشوو پاوان کراوە؟
36) ئایا یەکگرتنەوە دەستبەرداری دەوڵت ئەبێت بەسەربەستی کاری یاسایی خۆی بکات؟
37) ئایا یەکگرتنەوە دەوڵەتی سێهەم دروست دەکات، بۆ پشتگیریکردنی دوو دەوڵەتی دژ بەیەک و تێرنەخۆرە یاخود زەنگێکە نوێیە بۆ ترساندن و تۆقاندنی دەنگەکانی تر؟
38) ئایا یەکگرتنەوە دان بەخراپی و کەمتەرخەمی دوو حیزب و دوو دەوڵەتا دەنێت کە خۆیان سەرۆک و سەرۆک هێزیشیان بوون؟

بەهیوام پرسیارەکانی خاڵەحەمە وەرامی هەبێت و گرەنتی بدرێت بەمنالانی کورد کەکۆتایی نەگبەتی و کارەساتەکانی رۆژانی رەشبێت، تا بتوانم پیرۆزی لە کاکی ماندوی پێشمەرگەو تەواوی باشوری کوردستان بکەم. . .

خاڵەحەمە دانمارک/ڤالبی/2006